# مافەکانی خۆت لەبیر بێت لە کاتێکدا کە دەسگیر کراویت

ئەو مافانەی کە لەم ئاگادارییەدا هاتوون بەگوێرەی یاسا لە ئینگلتەرەو ویڵز بۆ تۆ مسۆگەر کراون وە پەیوەستن لەگەڵ [ڕێنماییەکانی یەکێتیی ئەوروپا 13/2012] سەبارەت بە مافی وەرگرتنی زانیاری لە ڕێککارە تاوانکارییەکاندا.

| |
|---|
| مافەکانی تۆ لە بنکەی پۆلیس لەم لاپەڕەیەدا پوختە کراون<br>لە پەرەگرافەکانی 1 بۆ 11 لە لاپەڕەکانی دواتردا زانیاری زیاتر دەستەبەر کراوە.<br>هەموو زانیارییەکان بەتەواوی لە ڕێساکانی کارکردنی پۆلیس C دا بەردەستن. |

1. بە پۆلیس بڵێ ئەگەر پارێزەرێکت ویست بۆ ئەوەی لەو کاتەدا کە لە بنکەی پۆلیسیت یارمەتیت بدات . ئەمەش بە خۆڕاییە.
2. بە پۆلیس بڵێ ئەگەر ویستت کەسێك ئاگادار بکرێتەوە کە تۆ لە کوێیت. ئەمەش بە خۆڕاییە.
3. بە پۆلیس بڵێ ئەگەر ویستت سەیری ڕێساکانیان بکەیت، ئەوانەش پێیان دەوترێت ڕێساکانی کارکردن (Codes of Practice) .
4. بە پۆلیس بڵێ ئەگەر یارمەتی پزیشکیت ویست. بە پۆلیس بڵێ ئەگەر هەستت کرد نەخۆشیت یاخود زامداریت. یارمەتی پزیشکی بە خۆڕاییە.
5. ئەگەر دەربارەی سەرپێچییەکی گومانلێکراو پرسیارت لێکرا، تۆ ناچار نیت هیچ شتێك بڵێیت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە زیان بە بەرگری لەخۆکردنت بگەیەنێت ئەگەر کاتێك پرسیارت لێکرا باسی شتێك نەکەیت کە دواتر خۆت لە دادگادا پشتی پێ ببەستیت. هەر شتێك بڵێیت ڕەنگە وەکو بەڵگە بەکاربهێنرێت.
6. پۆلیس دەبێت تۆ لەو سەرپێچیە یاساییە ئاگادار بکاتەوە کە ئەوان لەو باوەڕەدان تۆ ئەنجامت داوە وە هەروەها لەوەش ئاگادارت بکەنەوە کە بۆچی دەسگیر کراویت و لەوێ ڕاگیراویت.
7. پۆلیس دەبێت ڕێگە بە خۆت یان پارێزەرەکەت بدات کە چاوتان بەو تۆمار و بەڵگەنامانە بکەوێت سەبارەت بەوەی کە تۆ بۆچی دەسگیر کراویت و ڕاگیراویت وە سەبارەت بەو ماوەیەی کە لە بنکەی پۆلیس بەسەرت بردووە.
8. ئەگەر پێویستیت بە وەرگێڕ (موتەرجیم) ـە، پۆلیس پێویستە لەسەریان وەرگێڕێکت بۆ بهێنن. هەروەها دەتوانیت هەندێك بەڵگەنامەی تایبەتت بۆ وەربگێڕدرێت. ئەمەش بە خۆڕاییە .
9. بە پۆلیس بڵێ ئەگەر تۆ هاوڵاتیەکی بەریتانی نیت و دەتەوێت پەیوەندی بە باڵوێزخانە یان کونسوڵخانەی خۆتەوە بکەیت یاخود دەتەوێت ئەوان ئاگادار بکرێنەوە کە تۆ ڕاگیراویت. ئەمەش بە خۆڕاییە.
10. پۆلیس پێویستە لەسەریان پێت بڵێن کە بۆ ماوەی چەندە دەتوانن ڕات بگرن.
11. ئەگەر بە فەرمی تۆمەتبار بکرێیت و کەیسەکەت ببرێتە دادگا، خۆت یان پارێزەرەکەت مافی ئەوەتان دەبێت کە بەر لە دانیشتنی دادگا چاوتان بە بەڵگەی داواکاری گشتی بکەوێت.

| |
|---|
| ئەگەر سەبارەت بە هەر کام لەو مافانە دڵنیا نیت، ئەفسەری پۆلیس بۆ ڕاگرتن ئاگادار بکەرەوە |

The Law Society

Legal Aid Agency

Home Office

| |
|---|
| بڕوانە لاپەڕەکانی دوای پوختەکە بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەوەی کە پۆلیس دەبێت چۆن مامەڵە لەگەڵ تۆ بکەن و ئاگایان لێت بێت |

**دەقی ئەم تێبینی ماف و ڕێگەپێدانەکان لە 01ی دیسێمبەر(کانوونی یەکەم)ی 2018ـەوە کاریان پێ دەکرێت**

تکایە ئەم زانیاریانە هەڵبگرەو بە زووترین کاتی گونجاو بیخوێنەرەوە. ئەوە یارمەتی تۆ دەدات بۆئەوەی بڕیار بدەیت لەکاتێکدا کە لە بنکەی پۆلیسدایت.

## 1. گرتنی پارێزەرێك بۆئەوەی یارمەتیت بدات

- پارێزەر دەتوانێت یارمەتیت بدات و لەڕوانگەی یاساییەوە ڕێنماییت بکات.
- داواکردنی ئەوەی کە قسە لەگەڵ پارێزەرێك بکەیت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ هیچ شتێکی خراپت کردبێت.
- ئەفسەری گرتن لە بنکەی پۆلیس پێویستە لەسەری بە تۆ بڵێت کە ئایا ڕێنمایی یاساییت دەوێت یان نا. ئەمەش بە خۆڕاییە.
- پۆلیس پێویستە لەسەری کە ڕێگەت بدات هەر کات بتەوێت قسە لەگەڵ پارێزەرێك بکەیت، ڕۆژ بێت یان شەو، لە کاتێکدا کە لە بنکەی پۆلیسدایت.
- ئەگەر داوای ڕێنمایی یاساییت بکەیت، ئەوا پۆلیس بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێگەیان پێ نادرێت پرسیارت لێ بکەن هەتا ئەو کاتەی کە بوارت دەبێت لەگەڵ پارێزەرێك قسە بکەیت. کاتێك پۆلیس پرسیارت لێ دەکات دەتوانیت داوای پارێزەرێك بکەیت کە لە ژوورەکەدا لەگەڵ تۆ بێت.
- ئەگەر بە پۆلیس بڵێیت کە ڕێنمایی یاساییت ناوێت بەڵام دواتر بیروڕاکەت بگۆڕیت، بە ئەفسەری گرتن بڵێ لە بنکەی پۆلیس ئەویش یارمەتیت دەدات بۆئەوەی پەیوەندی بە پارێزەرێکەوە بکەیت.
- ئەگەر پارێزەرێك نەهات یان پەیوەندی پێوە نەکردیت لە بنکەی پۆلیسدا، یان ویستت جارێکی دیکە لەگەڵ پارێزەرێك قسە بکەیتەوە، داوا لە پۆلیس بکە کە جارێکی دیکە پەیوەندییان پێوە بکەنەوە.

**ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی سەبارەت بە چەند مەسەلەیەکی سوکتر:**

- لە هەندێك لەو کەیسانەدا کە پەیوەندییان بە کێشەی سووکترەوە هەیە، ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی سنوردار کراوە بۆ ڕێنمایی تەلەفونی لەلایەن ڕاوێژکارانی کاراوە لە خزمەتگوزاری بەرگری تاوانکاری ڕاستەوخۆ (CDS) تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هەڵاویردێکی سنورداری بەسەردا بچەسپێت کە لەو کاتەدا پێویست بێت پارێزەرێك بێت بۆ بنکەی پۆلیس، وەکو:
  - ~ پۆلیس بیەوێت سەبارەت بە سەرپێچییەك پرسیارت لێ بکات یان ڕێوشوێنی ناسینەوە لەڕێگەی شاهیدێکەوە کە بەچاوی خۆی ڕوداوەکەی بینیوە ئەنجام بدەن.
  - ~ پێویستت بە یارمەتی بێت لەلایەن "کەسێکی گەورەی گونجاوەوە". بڕوانە "ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە یارمەتییە".
  - ~ تۆ نەتوانیت لەڕێگەی تەلەفونەوە گفتوگۆ بکەیت، یان
  - ~ تۆ باسی ئەوەت کردووە کە گوایە پۆلیس هەڵسوکەوتی زۆرخراپی نواندووە.

**لە کاتیکدا کە ڕێنمایی خۆڕایی تەنها سنوردار نەکراوە بۆ ڕێنمایی تەلەفونی لەلایەن CDS دایرێکتەوە:**

- دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە لەگەڵ پارێزەرێك قسە بکەیت کە دەی ناسیت وە پێویست ناکات کە تۆ پارەکەی بدەیت ئەگەر ئەو کەسە کاری یارمەتی یاسایی (لیگەڵ ئەید) بکات. ئەگەر تۆ پارێزەرێك ناناسیت یان نەتوانن پەیوەندی بکەن بەو پارێزەرەوە کە تۆ دەی ناسیت، دەتوانیت لەگەڵ پارێزەری ئێشکگر قسە بکەیت. ئەمە بە خۆڕاییە.
- پارێزەری ئێشکگر هیچ پەیوەندییەکی بە پۆلیسەوە نییە.

بۆئەوەی ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی سازبدەن:

- پۆلیس پەیوەندی دەکەن بە ناوەندی پەیوەندییەکانی پارێزەرانی بەرگرییەوە (DSCC). DSCC ڕێوشوێن ساز دەدات بۆ ئەوەی ڕێنمایی یاسایی پێشکەش بکرێت، ئێتر یان لەلایەن CDS دایرێکتەوە یان لەلایەن پارێزەرێکەوە کە خۆت داوات کردووە یان لەلایەن پارێزەری ئێشکگرەوە.

- DSCC و CDS دایرێکت خزمەتگوزاری بێلایەنن و بەرپرسن لە سازدانی ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی وە هیچ پەیوەندییەکیان بە پۆلیسەوە نییە.

**ئەگەر خۆت بتەوێت پارەی ڕێنمایی یاسایی بدەیت:**

- لە هەموو بارێکدا ئەگەر بتەوێت دەتوانیت خۆت پارەی ڕێنمایی یاسایی بدەیت.
- کاتێك ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی بەرتەسك کرابێتەوە بۆ ڕێنمایی تەلەفونی لەلایەن CDS دایرێکتەوە هێشتا هەر دەتوانیت لەسەر تەلەفون لەگەڵ پارێزەرێك قسە بکەیت کە خۆت پێتخۆشە ئەگەر وەهات بوێت، بەڵام یارمەتی یاسایی (لیگەڵ ئەید) پارەی ئەوان نادات و پێدەچێت داوای ئەوەت لێ بکەن کە خۆت پارەی ئەوان بدەیت. DSCC لەباتی تۆ پەیوەندی بە پارێزەرەکەی خۆتەوە دەکات.
- تۆ مافی ئەمەت هەیە لەگەڵ ئەو پارێزەرەی کە خۆت پێتخۆشە لەسەر تەلەفون بەشێوەی تاکەکەسی قسە بکەیت یان پێدەچێت ئەوان بریار بدەن کە بێن و لە بنکەی پۆلیس چاویان بەتۆ بکەوێت.
- ئەگەر نەتوانن پەیوەندی بکەن بەو پارێزەرەوە کە خۆت پێتخۆشە، پۆلیس هێشتا هەر دەتوانێت پەیوەندی بە DSCC ـەوە بکات بۆ سازدانی ڕێنمایی یاسایی خۆڕایی لەلایەن پارێزەری ئێشکگرەوە.

## 2. کەسێك ئاگادار بکەیتەوە کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت

- تۆ دەتوانیت داوا لە پۆلیس بکەیت کە پەیوەندی بە کەسێکەوە بکەن کە پێویست بێت بزانێت تۆ لە بنکەی پۆلیسیت. ئەمەش بە خۆڕاییە.
- ئەوان بە زووترین کات کە بۆیان بکرێت پەیوەندی بە کەسێکەوە دەکەن بۆ تۆ.

## 3. سەیرکردنی ڕێساکانی کارکردن

- ڕێساکانی کارکردن (Codes of Practice) ئەو ڕێسایانەن کە پێت دەڵێن پۆلیس دەتوانێت چ کارێك بکات یان بۆیان نییە چ کارێك بکەن لە کاتێکدا کە تۆ لە بنکەی پۆلیسدایت. لەوێ ئەو مافانەی کە لەم ئاگاداریەدا پوختە کراون بە دووروودرێژی باس کراون.
- پۆلیس ڕێگەت پێدەدات کە ڕێساکانی کارکردن بخوێنیتەوە، بەڵام ناتوانیت بۆ ماوەیەکی ئەوەندە دووروودرێژ ئەم کارە بکەیت کە بەربگرێت لە پۆلیس هۆکاری ئەوە بدۆزنەوە کە ئایا تۆ یاسات بەزاندووە یان نا.
- ئەگەر دەتەوێت ڕێساکانی کارکردن بخوێنیتەوە، ئەوە بە ئەفسەری گرتن بڵێ لە بنکەی پۆلیس.

## 4. وەرگرتنی یارمەتی پزیشکی ئەگەر نەخۆش یان زامدار بیت

- بە پۆلیس بڵێ ئەگەر وەها هەستت کرد نەخۆشیت یاخود زامداریت. ئەوان پزیشکێک یان پەرستیارێك یان کارامەیەکی دیکەی سەرپەرشتی تەندروستی بانگ دەکەن و ئەوەش بە خۆڕاییە.
- پێدەچێت ڕێگەت پێ بدەن کە دەرمانی خۆت بەکار بهێنیت، بەڵام دەبێت یەکەم جار پۆلیس بزانێت ئەو دەرمانانە چین. بەشێوەیەکی ئاسایی یەکەم جار پەرستیارێك دەتبینێت، بەڵام ئەگەر پێویستیت بە پزیشک بێت پۆلیس دەنێرێت بەدوای پزیشکێکدا. دەتوانیت داوای بینینی پزیشکێکی دیکە بکەیت بەڵام پێدەچێت پارەی ئەو پزیشکە لەسەر خۆت بێت کە پارەکەی بدەیت.

## 5. مافی مانەوە بە بێدەنگی (قسە نەکردن)

ئەگەر دەربارەی ئەو سەرپێچییەی کە گومانی لێ دەکەن ئەنجامت دابێت پرسیارت لێکرا، تۆ ناچار نیت هیچ شتێك بڵێیت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێت زیان بە بەرگری لەخۆکردنت بگەیەنێت ئەگەر کاتێك پرسیارت لێکرا باسی شتێك نەکەیت کە دواتر خۆت لە دادگادا پشتی پێ دەبەستیت.

هەر شتێك بڵێیت لەوانەیە وەکو بەڵگە بەکاربێت.

## 6. زانیاری وەرگرتن سەبارەت بەو سەرپێچیەی کە گومان وەهایە تۆ ئەنجامت دابێت و وە زانیاری وەرگرتن لەسەر ئەوەی کە بۆچی دەسگیر کراویت و ڕاگیراویت

- پۆلیس پێویستە لەسەریان پێت بڵێن کە سروشتی ئەو سەرپێچیە یاساییە چیە کە ئەوان پێیان وەهایە تۆ ئەنجامت دابێت. ئەمەش ئەوە دەگرێتەوە کە ئەوان پێیان وەهایە کەی و لەکوێ ئەو سەرپێجیە یاساییە ئەنجام دراوە.
- پۆلیس پێویستە لەسەریان کە پێت بڵێن بۆچی ئەوان پێیان وەهایە تۆ ئەو سەرپێچیە یاساییەت ئەنجام داوە وە بۆچی ئەوان لەو باوەڕەدان کە پێویست بووە تۆ دەسگیر بکەن.
- لە بنکەی پۆلیس، پۆلیس پێویستە لەسەریان کە پێت بڵێن بۆچی ئەوان لەو باوەڕەدان کە پێویستە تۆ لەوێ بە ڕاگیراوی بهێڵرێیتەوە.
- بەر لەوەی کە هیچ پرسیارێکت لێ بکەن سەبارەت بە هەر سەرپێچییەکی یاسایی پۆلیس دەبێت زانیاری پێویست بدەن بە خۆت و بە پارێزەرەکەت دەربارەی ئەوەی کە پۆلیس پێیان وەهایە تۆ ئەنجامت داوە بۆ ئەوەی بتوانیت بەرگری لەخۆت بکەیت، بەڵام ئەوە نابێت لە کاتێکدا بێت کە زیان بە لێکۆڵینەوەی پۆلیس بگەیەنێت.
- ئەمە بەسەر هەر سەرپێچیەکی یاسایی تریشدا دەچەسپێت کە پۆلیس پێیان وابێت تۆ ئەنجامت داوە.

## 7. بینینی تۆمار و بەڵگەنامە سەبارەت بە دەسگیرکردن و ڕاگرتنت

- کاتێك کە لە بنکەیەکی پۆلیس ڕادەگیرێیت، پۆلیس دەبێت:

~ لە تۆماری گرتنی تۆ دا هۆکار و پێویستی دەسگیرکردنەکەت و بۆچی ئەوان لەو باوەڕەدان کە پێویستە تۆ لەوێ ڕابگیرێیت تۆمار بکەن.

~ ڕێگە بە خۆت و بە پارێزەرەکەت بدەن سەیری ئەو تۆمارانە بکەن. ئەفسەری پۆلیس بۆ ڕاگرتن ڕێوشوێنی ئەوە ساز دەکات.

- ئەمە بەسەر هەر سەرپێچیەکی یاسایی تریشدا دەچەسپێت کە پۆلیس پێیان وابێت تۆ ئەنجامت داوە.
- پۆلیس پێویستە لەسەریان ڕێگە بە خۆت یان بە پارێزەرەکەت بدەن کە دەستتان بەو بەڵگەنامە و کەرەسانە بگات کە بنەڕەتین بە مەبەستی ئەوەی کە بەشێوەیەکی کارا بەرەنگاری ئەوە بوەستنەوە کە ئایا دەسگیرکردن و ڕاگرتنی تۆ یاساییە یان نا.

## 8. بانگکردنی وەرگێڕ (موتەرجیم) بۆت و وەرگێڕانی هەندێك بەڵگەنامەی تایبەت بۆ یارمەتیدانی تۆ

- ئەگەر بە ئینگلیزی قسە ناکەیت یان لە ئینگلیزی تێ ناگەیت، پۆلیس ڕێوشوێن ساز دەکات بۆ کەسێك کە بەزمانی خۆت قسە دەکات بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات. ئەمەش بە خۆڕاییە.
- ئەگەر کەڕ بیت یان نەتوانیت بە ئاسانی قسە بکەیت، پۆلیس ڕێوشوێن بۆ وەرگێڕێکی ئینگلیزی زمانی هێمای بەریتانی ساز دەکات بۆ ئەوەی یارمەتیت بدات. ئەمەش بە خۆڕاییە.
- ئەگەر بە ئینگلیزی قسە ناکەیت یان لە ئینگلیزی تێ ناگەیت، پۆلیس وەرگێڕێك بانگ دەکات بۆ ئەوەی پێت بڵێت بۆچی ئەوان تۆیان دەسگیر کردووە. هەر کات بڕیارێك دەربکرێت کە تۆ لە ڕاگرتن بهێڵێتەوە دەبێت ئەوە ئەنجام بدرێت.
- دوای هەر بڕیارێك بۆ هێشتنەوەی تۆ لە ڕاگرتن وە دوای ئەوەی کە تۆ بە فەرمی تۆمەتبار دەکرێیت لەسەر سەرپێچیەکی یاسایی، پۆلیس هەروەها دەبێت بە زمانی خۆت تۆمارێکت بداتێ کە تۆ بۆچی دەسگیر کراویت وە سەبارەت بە هەر سەرپێچیەکی یاسا کە تۆ لەسەری بە فەرمی تۆمەتبار کرا بیت، تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە هۆکاری تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی ئەوە ئەنجام نەدەن. ئەوانەش ئەمانەن:
  - ~ ئەگەر بڕیار بدەیت کە تۆ پێویستیت بە تۆمارەکە نییە بۆ بەرگریکردن لەخۆت چونکە تۆ بەتەواوی لەوەی دەگوزەرێت و لە دەرەنجامەکانی نەبوونی تۆمارەکە تێ دەگەیت وە تۆ بواری ئەوەت هەبووە کە پرس و ڕا بە پارێزەرێك بکەیت کە لە مەسەلەی بڕیاردانەکەدا یارمەتیت بدات. تۆ هەروەها پێویستە لەسەرت ڕەزامەندی خۆت بە نووسین ڕابگەیەنیت.
  - ~ ئەگەر وەرگێڕانێکی زارەکی یاخود پوختەیەك لەڕێگەی وەرگێڕێکەوە لەباتی وەرگێڕانێکی نووسراو بۆ تۆ بەس بێت بۆ ئەوەی بەرگری لەخۆت بکەیت وە بۆئەوەی بەتەواوی لەوە تێ بگەیت کە دەگوزەرێت. ئەفسەری ڕاگرتنیش دەبێت ڕێگە بەوە بدات.
- کاتێك کە پۆلیس پرسیارت لێ دەکات و بە تۆماری دەنگی تۆمار ناکرێت ئەو کات وەرگێڕەکە پرسیارەکان و وەڵامەکانی تۆ بە زمانی خۆت تۆمار دەکات. تۆ دەتوانیت ئەو تۆمارانە بپشکنیت بەرلەوەی واژۆی بکەیت وەکو تۆمارێکی ڕاست و دروست.
- ئەگەر دەتەوێت ئیفادە بدەیت بە پۆلیس، وەرگێڕەکە کۆپییەکی ئەو ئیفادەیە بە زمانی خۆت ئامادە دەکات بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت پێیدا بچیتەوە وە واژۆی بکەیت.
- تۆ هەروەها مافی ئەوەت هەیە کە ئەم ئاگاداریەت بۆ وەر بگێڕرێت. ئەگەر کۆپی وەرگێڕراو بەردەست نەبوو، پێویستە لەسەریان لەڕێگەی وەرگێڕێکەوە زانیاریەکانت پێ ڕابگەیەنن و بەبێ دواکەوتنێك کە پێویست نەبێت کۆپی وەرگێڕراوت بۆ دەستەبەر بکەن.

## 9. پەیوەندیکردن بە باڵوێزخانە یان کونسوڵخانەوە

ئەگەر تۆ بەریتانی نیت، دەتوانیت بە پۆلیس بڵێیت کە دەتەوێت پەیوەندی بە کۆمیساری باڵای وڵاتەکەی خۆت، سەفارەت یان سەفیری وڵاتەکەتەوە بکەیت بۆ ئەوەی پێیان بڵێیت تۆ لەکوییت وە بۆچی لە بنکەی پۆلیسدایت. ئەوان هەروەها دەتوانن بە تەنها سەردانت بکەن یان ڕێوشوێن بۆ پارێزەرێك ساز بکەن کە بتبینێت.

## 10. ئایا بۆ ماوەی چەندە دەکرێت بە ڕاگیراوی بمێنیتەوە

- بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرێت بۆ ماوەی 24 کاتژمێر بە ڕاگیراوی بهێڵرێیتەوە بەبێ ساخبوونەوەی هیچ تۆمەتێك. ئەو ماوەیە دەکرێت زیاتر بێت بەڵام تەنها ئەگەر سەرپێچیە یاساییەکە بکرێت کە لەلایەن دادوەر و دەستەی سونێدخوارانەوە لە دادگای کراوندا دادبینی بۆ بکرێت و چاودێری پۆلیس یان دادگا ڕێگە بەوە بدات. دوای 36 کاتژمێر لە مانەوەت، تەنها دادگا دەتوانێت ماوەی زیاتر بدات بە پۆلیس کە بە گیراوی بتهێڵێتەوە بەبێ تۆمەتبار کردنی فەرمی بە تۆمەتێك.
- هەر ناو بەناوێك ئەفسەرێکی پایە بەرزی پۆلیس دەبێت چاو بە کەیسەکەتدا بخشێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت پێویستە لە بنکەی پۆلیس بهێڵرێیتەوە یان نا. ئەمەش پێی دەوترێت چاوپێداخشاندنەوە و ئەو پۆلیسی چاوپێداخشاندنەوەیە. تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە لەبارێکی گونجاو و لەباردا نەبیت مافی ئەوەت هەیە کە بەنوسراو یان لەڕێگەی گەیاندنی زانیاری بۆ پۆلیسی چاوپێداخشاندنەوە بەشێوەی ڕووبەڕوو یان لەرێگەی تەلەفۆن لەسەر ئەو بڕیارە قسەی خۆت هەبێت. هەروەها پارێزەرەکەشت مافی ئەوەی هەیە کە لەبری تۆ سەبارەت بەو بڕیارە قسەی خۆی بکات.
- ئەگەر ئەفسەری چاوپێداخشاندنەوە تۆ ئازاد نەکات، پێویستە لەسەریان کە هۆکاری ئەوەت پێ بڵێن و هۆکارەکە لە تۆماری گرتندا تۆمار بکرێت.
- ئەگەر ڕاگرتنەکەت پێویست نەبێت، پێویستە لەسەریان ئازادت بکەن. ئەگەر پۆلیس بە تۆ بڵێت کە دەیانەوێت بەردەوام بن لەسەر لێکۆڵینەوە لە سەرپێچییە یاساییەکە، تۆ بە کەفالەت یان بێ دانانی کەفالە ئازاد دەکرێت. ئەگەر بە کەفالەت ئازاد کرایت، دەبێ بە نووسراو ئاگادار بکرێیەوە بۆ ئەوەی کە پێتڕابگەیەنێت کە دەبێ بگەڕێیەوە بۆ بنکەی پۆلیس و تۆ ئاگادار بکرێیەوە لە هەر جۆرە مەرجێک کە ڕەنگە لەسەرت بسەپێنرێت بۆ ئازادبوونت بە کەفالەت.
- کاتێك پۆلیس دەیهەوێت داوا لە دادگا بکات کە ماوەی ڕاگرتنەکەت درێژ بکەنەوە کە:
  - ~ دەبێ تۆ بێنن بۆ دادگا بۆ دانیشتنی دادخوازییەکە مەگەر ئەوەی کە پەیوەندی تەلەڤیزیۆنی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی کە تۆ بتوانی دەنگ و ڕەنگی کەسەکانت لە دادگا هەبێت و ئەوان بتوانن تۆ ببینن و دەنگت ببیستن.
  - ~ پەیوەندی تەلەڤیزیۆنی تەنیا لەکاتێکدا جێبەجی بکرێت کە ئەفسەری چاودێر بە گونجاوی بزانێت، پارێزەرێک تۆی ئاگادار کردبێتەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی و تۆش ڕەزامەندیت لەسەر بێت.
  - ~ پێویستە لەسەریان کۆپییەکی ئەو زانیاریانەت بدەنێ کە بەڵگەکان بە دادگا ڕادەگەیەنێت وە بۆچی پۆلیس دەیانەوێت لە ڕاگرتن بتهێڵنەوە.
  - ~ تۆ مافی ئەوەت هەیە کە بۆ دانیشتنی دادگا پارێزەرێکت لەگەڵ بێت.
  - ~ پۆلیس تەنها کاتێك ڕێگەیان پێ دەدرێت کە تۆ لە ڕاگرتن بهێڵنەوە ئەگەر دادگا لەو باوەڕەدا بێت کە ئەوە پێویستە وە پۆلیس بە وریایی و بەبێ کات بەفیڕۆدان لە کەیسەکەت دەکۆڵنەوە.
- ئەگەر پۆلیس بەڵگەی پێویستیان بەدەستەوە بێت بۆ ئەوەی بت نێرن بۆ دادگا، ڕەنگە لە بنکەی پۆلیس یاخود بە پۆست بە فەرمی تۆمەتبار بکرێیت، بۆ ئەوەی لە دادگا ئامادە بیت بۆ ئەوەی دادبینیت بۆ بکرێت.

## 11. دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەکان ئەگەر کەیسەکەت بچێتە دادگا

- ئەگەر بە فەرمی لەسەر سەرپێچییەکی یاسایی تۆمەتبار بکرێیت، خۆت یاخود پارێزەرەکەت پێویستە ڕێگەتان پێ بدرێت چاوتان بەو بەڵگانە بکەوێت کە لە دژی تۆیە وە هەروەها ئەو بەڵگانەش کە ڕەنگە بۆ بەرگری لەخۆکردنت بەسوودبن. ئەوە پێویستە بەر لە دەستپێکردنی دادبینیەکەت ئەنجام بدرێت. پۆلیس و خزمەتگوزاری داواکاری گشتی شاهانە دەبێ بەرایییکانی ئەوە دابین بکەن و توانای دەستڕاگەیشتن بە بەڵگەنامە و کەرەسەی پەیوەندیدار بڕەخسێنن.

# شتی دیکە کە پێویستە بیزانیت دەربارەی مانەوە لە بنکەی پۆلیس

## دەبێت چۆن مامەڵەت لەگەڵ بکرێت یان سەرپەرشتیت بکرێت

ئەم یادداشتانە بە تۆ دەڵێن کە دەکرێت چاوەڕوانی بکەیت لە کاتێکدا کە تۆ لە بنکەی پۆلیس هێڵراویتەوە. بۆ ئەوەی زانیاری زیاترت بۆ دەربکەوێت، داوای بینینی ڕێساکانی کارکردن بکە. لەوێ لیستێك هەیە بۆ بینینەوەی زانیاری زیاتر دەربارەی هەرکام لەو شتانە. ئەگەر هەر پرسیارێکت هەبوو بە ئەفسەری گرتنی بنکەی پۆلیس بڵێ.

## ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە یارمەتییە

- ئەگەر تەمەنت لە 18 ساڵ کەمترە وە ئامادەی بۆ تووشبوون، بۆ نموونە ئەگەر کێشەی سستی فێربوونت هەیە یان کێشەی تەندروستی دەروونیت هەیە ئەوا لە کاتێکدا کە پۆلیس هەندێك کاری تایبەت ئەنجام دەدات مافی ئەوەت هەیە کە کەسێکت لەگەڵ بێت. ئەو کەسە پێی دەڵێن "کەسی گەورەی گونجاو" ـی تۆ و کۆپییەکی ئەم ئاگاداریەی دەدرێتێ.
- کەسی گەورەی گونجاوی تۆ یارمەتیت دەدات کە ئاگادار بیت لەوەی کە ڕوو دەدات و پارێزگاری دەکات لە بەرژەوەندەکانت. ئەو دەبی لەگەڵ تۆ بێت کاتێك پۆلیس مافەکانی خۆتت پێدەڵێن وە هەروەها پێت دەڵێن بۆچی لە بنکەی پۆلیس هێڵدراویتەتەوە. ئەو کەسەی کە دەبێت لەگەڵ تۆ بێت کاتێك پۆلیس هۆشداری پۆلیست بۆ دەخوێنێتەوە.
- کەسی گەورەی گونجاوی تۆ هەروەها دەتوانێت لەبری تۆ داوای پارێزەرێکت بۆ بکات.
- ئەگەر بتەوێت دەتوانیت لەگەڵ پارێزەرەکەت قسە بکەیت بەبێ ئەوەی کەسی گەورەی گونجاوی خۆت لە ژوورەکەدا بێت.
- پۆلیس پێدەچێت پێویست بێت یەکێك لەم شتانەی خوارەوە ئەنجام بدات لە کاتێکدا کە تۆ لە بنکەی پۆلیسدایت. مەگەر ئەوەی کە هۆکاریک هەبێت، ئەگینا کەسی گەورەی گونجاوی تۆ پێویستە لەسەری بۆ هەموو ماوەکە لەگەڵ تۆ بێت ئەگەر پۆلیس هەرکام لەم کارانەی ئەنجامدا:
  - ~ چاوپێکەوتنت لەگەڵدا ئەنجام بدات یان داوات لێ بکات ئیفادەیەکی نوسراو یان تێبینییەکانی پۆلیس واژۆ بکەیت.
  - ~ لە جلوبەرگی ڕووی دەرەوەت زیاترت پێ دابکەنێت بۆ ئەوەی بتپشکنێت.
  - ~ پەنجەمۆرت بکات، وێنەت بگرێت یان دی ئێن ئەی (DNA) یان نمونەی دیکەت لێ وەربگرێت.
  - ~ هەر شتێك ئەنجام بدات سەبارەت بە ڕێوشوێنی ناسینەوە لەڕێگەی شاهیدەوە.
- کەسی گەورەی گونجاوی تۆ دەبێت دەرفەتی بدرێتێ کە بەشێوەی شەخسی یاخود لەسەر تەلەفون ئامادە بێت بۆ یارمەتیدانی تۆ، کاتێك کە پۆلیس چاوپێداخشاندنەوە بۆ کەیسەکەت ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بزانن کە ئاخۆ پێویستە تۆ لەوە زیاتر ڕابگیرێیت.
- ئەگەر کەسی گەورەی گونجاوی تۆ لەوێ بێت، پێویستە کاتێك کە پۆلیس لەسەر سەرپێچییەکی یاسایی تۆ بە فەرمی تۆمەتبار دەکەن لەوێ ئامادە بن.

## وەرگرتنی زانیاری دەربارەی کاتی خۆت لە بنکەی پۆلیس

- هەمووشتێك کە دەکرێت بەرانبەر بە تۆ لەکاتێکدا کە لە بنکەی پۆلیسدا تۆمار دەکرێت. ئەمەش پێی دەوترێت تۆماری گرتن.
- کاتێك بنکەی پۆلیس بەجێ دەهێڵیت، خۆت یان پارێزەرەکەت یان کەسی گەورەی گونجاوی تۆ دەتوانێت داوای کۆپییەکی تۆماری گرتن بکات. پۆلیس دەبێت بە زووترین کات کە بتوانن کۆپییەکی تۆماری گرتنەکەت بدەنێ.
- دەتوانیت هەتا ماوەی 12 مانگ دوای جێهێشتنی بنکەی پۆلیس داوا لە پۆلیس بکەیت کە کۆپییەکی تۆماری گرتنەکەت بدەنێ.

## پەیوەندی کردن

- بێجگە لە قسەکردن لەگەڵ پارێزەرێك و ئاگادارکردنەوەی کەسێك دەربارەی گیرانەکەت تۆ بەشێوەیەکی ئاسایی ڕێگەت پێ دەدرێت کە یەك پەیوەندی تەلەفونی ئەنجام بدەیت.
- داوا لە پۆلیس بکە ئەگەر حەزت کرد تەلەفونێك بکەیت.
- هەروەها دەتوانیت داوای قەڵەم و کاغەزیش بکەیت.
- پێدەچێت بتوانیت خەڵك سەردانت بکەن بەڵام ئەفسەری گرتن دەتوانێت ئەو داوایە ڕەت بکاتەوە.

## ژووره تاكه كەسییەكەت

- ئەگەر بگونجێت دەبێت بە تەنها لە ژوورێکی تاکە کەسیدا بیت.
- دەبێت ئەو ژوورە تاکە کەسییە پاك بێت، گەرم بێت وە ڕوناك بێت.
- جێگای نوستنەکەت دەبێت پاك بێت وە ڕێکوپێك بێت.
- پێویستە لەسەریان کە ڕێگەت پێ بدەن ئاودەست بەکاربهێنیت وە خۆت بشۆیت.

## جلوبەرگ

ئەگەر جلوبەرگی خۆتت لێ بسەنن، ئەوا دەبێت پۆلیس جل وبەرگی دیکەی جێگرەوەت بدەنێ.

## خواردن و خواردنەوە

دەبێت لە ڕۆژێکدا 3 ژەم خواردنت بدەنێ لەگەڵ خواردنەوە. هەروەها دەتوانیت لە نێوان ژەمە خواردنەکاندا شتێك بخۆیتەوە.

## وەرزش

ئەگەر بگونجێت دەبێت هەموو ڕۆژێك ڕێگەت پێ بدرێت کە بچیتە دەرەوە بۆ هەڵمژینی هەوای پاك.

## کاتێك پۆلیس لێپێچینەوەت لەگەڵ دەکات

- دەبێت ژوورەکە پاك بێت، گەرم بێت وە ڕوناك بێت.
- نابێت ناچاربیت بەپێوە ڕابوەستیت.
- کارمەندەکانی پۆلیس دەبێت ناو و پلەی خۆیانت پێ بڵێن.
- دەبێت لە کاتی ئاسایی ژەمی نانخواردندا پشوت بدرێتێ وە دوای نزیکەی دوو کاتژمێریش پشویەکت بدرێتێ بۆ خواردنەوەیەك.
- دەبێت لە هەر 24 کاتژمێرێکدا کە تۆ لە گرتوخانەیت لانی کەم 8 کاتژمێر پشوت بدرێتێ.

## پێداویستی تایبەت بە باوەڕ

- بە پۆلیس بڵێ ئەگەر پێویستیت بە هەر شتێکە کە یارمەتیت دەدات بۆ پیادەکردنی ئاینەکەت لەو ماوەیەدا کە لە بنکەی پۆلیسدایت. ئەوان دەتوانن کتێبی ئاینی و شتی دیکەت، بەگوێرەی پێویست، بۆ دەستەبەر بکەن.

# ئەو کاتانەی کە ڕێسا ئاساییەکان جیاواز دەبن

## گرتنی پارێزەرێك بۆئەوەی یارمەتیت بدات

هەندێك کاتی تایبەت هەیە کە پۆلیس پێویستی بەوە دەبێت کە بەپەلە پرسیارت لێ بکات بەر لەوەی کە لەگەڵ پارێزەرێك قسە بکەیت. زانیاری دەربارەی ئەو کاتە تایبەتانە لە ڕێساکانی کارکردندا هاتوون. ئەوانە ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە پۆلیس دەتوانێت چ کارێك بکات و یان بۆی نییە چ کارێك بکات لە کاتێکدا کە تۆ لە بنکەی پۆلیسدایت. ئەگەر دەتەوێت بە تێروتەسەلی سەیری ئەو زانیاریانە بکەیت، ئەوانە لە پەرەگرافی 6.6 ـی ڕێسای C ڕێساکانی کارکردندان.

کاتێکی تایبەت هەیە کە پۆلیس ڕێگەت پێ نادات لەگەڵ ئەو پارێزەرە قسە بکەیت کە خۆت دەستنیشانت کردووە. ئەگەر ئەوە ڕوو بدات پێویستە لەسەریان ڕێگەت پێ بدەن کە پارێزەرێکی دیکە هەڵبژێریت. ئەگەر دەتەوێت بە تێروتەسەلی سەیری ئەو زانیاریانە بکەیت، ئەوان لە پاشکۆی B ڕێسای C ڕێساکانی کارکردندان.

## کەسێك ئاگادار بکەیتەوە کە تۆ لە بنکەی پۆلیسیت

هەندێك کاتی تایبەت هەیە کە پۆلیس ڕێگەت پێ نادات پەیوەندی بە هیچ کەسێکەوە بکەیت. زانیاری دەربارەی ئەو کاتە تایبەتانە لە ڕێساکانی کارکردندا هاتوون. ئەگەر دەتەوێت بە تێروتەسەلی سەیری ئەو زانیاریانە بکەیت، ئەوان لە پاشکۆی B ڕێسای C ڕێساکانی کارکردندان.

## سەرپێچیی لێخوڕین لە کاتی سەرخۆشی و لێخوڕین لە کاتی بەکارهێنانی دەرماندا

ئەگەر بەهۆی سەرپێچی لێخوڕینی ئۆتومبێل بە سەرخۆشی یان لێخوڕین لە کاتی بەکارهێنانی دەرماندا دەسگیر کراویت، مافی ئەوەت هەیە لەگەڵ پارێزەرێك قسە بکەیت. ئەو مافە ئەوە ناگەیەنێت کە دەتوانیت ئەوە ڕەت بکەیتەوە کە نمونەی هەناسەت یان خوێن یان میز بدەیت بە پۆلیس تەنانەت ئەگەر هێشتا لەگەڵ پارێزەرەکەش قسەت نەکردبێت.

## دەسگیرکردن بەگوێرەی یاسای تەندروستیی دەروونی ساڵی 1983

پۆلیس هەروەها دەتوانێت کەسانێك لە بنکەی پۆلیسدا ڕابگرێت بۆ هەڵسەنگاندن بە گوێرەی یاسای تەندروستیی دەروونی.
هەروەها ئەگەر تۆ لانیکەم 18 ساڵانە بیت دەتوانی بەپێی یاسای تەندروستیی دەروونی تۆ دەستبەسەر بکات لە بنەکەیەکی پۆلیس و لەوەرا کە ئەم مەترسییە هەیە کە ڕەفتاری تۆ ببێتە هۆی زیانپێگەیشتنی جیددی یان مردنی تۆ یان خەلکانی دیکە، عاقڵانە نییە کە بکرێ لە شوێنێکی دەکە دەسگیر کرێیت. ئەگەر بەگوێرەی یاسای تەندروستیی دەروونی دەسگیر کراویت ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تۆ لەسەر سەرپێچییەکی یاسا گیراویت.
ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پۆلیس پێویستە لەسەریان ڕێوشوێنت بۆ ساز بکەن بۆئەوەی لەلایەن پزیشکێک و پسپۆڕێکی باوەڕپێکراوی تەندروستی دەروونییەوە ببینرێیت کە بڕوانامەی ئەنجامدانی هەڵسەنگاندنەکەی هەبێت.
پێویستە لەماوەی 24 کاتژمێردا لەو کاتەوە کە دەگەیتە بنکەی پۆلیس هەڵسەنگاندنت بۆ ئەنجام بدرێت بەڵام پۆلیس هەوڵ دەدەن ئەو کارە بە زووترین کاتی گونجاو ئەنجام بدەن. لە بنکەیەکی پۆلیسدا، ئەگەر پزیشک بە پێویستی بزانێت و ئەفسەرێکی باڵای پۆلیس پشتڕاستی بکاتەوە، ماوەی دەسگیرکردنی 24 کاتژمێری ڕەنگە بۆ 12 کاتژمێری دیکە درێژ بکرێتەوە. لەو ماوەیەدا پێدەچێت پۆلیس بتگوێزێتەوە بۆ شوێنێکی گونجاوتر بۆ ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بکەن کە هەڵسەنگاندنەکە ئەنجام بدرێت.
لە کاتێکدا کە چاوەڕوان دەکەیت کە هەڵسەنگاندنت بۆ بکرێت، پێدەچێت پۆلیس ڕێوشوێنت بۆ ساز بکات بۆ ئەوەی لەلایەن کەسێکی خاوەن ئەزمونی باوەڕپێکراوی سەرپەرشتی تەندروستیەوە ببینرێیت. ئەوان ناتوانن هەڵسەنگاندنەکە ئەنجام بدەن بەڵام بۆ هەر نیگەرانییەکی دیکەی تەندروستی کە ڕەنگە تۆ هەتبێت یارمەتیت دەدەن و ئەوەت بۆ ڕوون دەکەنەوە کە هەڵسەنگاندنەکە چی دەگەیەنێت.

## سەردانکارانی بێلایەنی ڕاگرتن

کەسایەتی ناو کۆمەڵگا هەن کە ڕێگەیان پێ دراوە دەستیان بگات بە بنکەی پۆلیس بەبێ ئاگاداری پێشتر. ئەوانە وەك سەردانکارانی بێلایەنی ڕاگرتن ناسراون وە لەسەر بنەمایەکی خۆبەخشانە کاردەکەن بۆ ئەوەی لەوە دڵنیاببنەوە کە کەسانی دەسگیرکراو بە ڕێکوپێکی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت وە دەتوانن مافەکانیان بەدەست بهێنن.
تۆ مافی ئەوەت نیە کە چاوت بە سەردانکاری بێلایەنی ڕاگرتن بکەوێت یاخود داوایان لێ بکەیت سەردانت بکەن بەڵام ڕەنگە سەردانکارێك داوای بینینی تۆ بکات. ئەگەر سەردانکاری بێلایەنی ڕاگرتن لە کاتێکدا سەردانت دەکات کە تۆ لە ڕاگرتن دایت ئەوا ئەوان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە پۆلیس کاردەکەن بۆ ئەوەی لەوە دڵنیاببنەوە کە خۆشگوزەرانی و مافەکانت پارێزراون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناچار نیت کە قسەیان لەگەڵدا بکەیت ئەگەر پێتخۆش نەبێت.

## چۆن گازەندە پێشکەش بکەیت

ئەگەر دەتەوێت دەربارەی شێوازی ئەو مامەڵەیەی کە لەگەڵت ئەنجام دراوە گازەندە پێشکەش بکەیت، داوای ئەوە بکە کە لەگەڵ ئەفسەرێکی پۆلیس قسە بکەیت کە لە پلەی پشکنەر (ئینسپێکتەر) یان بەرزتردایە. دوای ئازاد بوونت، دەتوانیت هەروەها گازەندە پێشکەش بکەیت لە هەر بنکەیەکی پۆلیسدا بێت، بۆ بەردەم نووسینگەی هەڵسوکەوتی پۆلیس (IOPC) یان لەرێگەی پارێزەرێکەوە یان ئەندام پەرلەمانی ناوچەکەت (MP) ـەوە کە لەبری تۆ گازەندە پێشکەش بکەن.